له زەمەنی هەرەسدا
لە پشتەوەی هەستەکان

نوسینی
م. گۆران

23992

چاپی یەکەم
2021

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

له زەمەنی هەرەسدا، لە پشتەوەی هەستەکان

❖ بابەت : فەلسەفەیی
❖ نووسینی : م. گۆران
❖ نەخشەسازی: تەحسین حوسێن
❖ تیراژ: 1000 دانە
❖ قەبارەی کتێب: 14سمx 22سم

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ( ) پێدراوە.

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بۆ ئەم کتێبەم نووسی!!!؟؟؟

حەفتا ساڵ لە تەمەن، لە گەڕان و سوڕان بەناو دەریای قوواڵی ژیانێکی پڕ لە ئازار و سفت و سۆ، پڕ لە غەدر و چەوساندنەوە و گریان، سەفەری هەتاهەتاییەی خۆشەویستان، پڕ لە هەوراز و نشێوی سەخت و دژوار، پڕ لە دەربەدەری و هەژاری و بریندی گەورەی جەستە و روح و چەمانەوەی رۆژانە لەبەر باڵای روحە مەزنەکان، ئەوانەی بە ئازایی و دلێری و بوێری و بەهەڵوێستەوە مردن، بۆ خۆیان سەربەرزی و بۆ ئێمەش شانازی و ئەوانەی فێری وانەی گەورەی ژیان و بوونیان کردین، ژینێکی پڕ لە هیواو ئومێد و و ئیرادەیەکی بەهێز بێ ساردبوونەوە، لە کار و چالاکی کاسبی و بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ و هەتا دەرچوون لە سنووری تەسکەکەی خێزان و گرتنەبەری ڕێگای خەباتی کاری سیاسی و مەدەنی و خەباتی تفەنگ و قەڵەم

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی لە پێناو ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ، سەلماندنی بوون و نێرادەی مرۆڤ هەر دەبێ بە شەهامەتەوە بژی و هەر دەبێ سەرکەوێ.

گەڕان بەناو دیمەنی جوان و سەرنج راکێشی ئەم جیهانە مەزنەی مرۆڤ کە پڕیەتی لە تابلۆی نەخشەکێشراو و نەمری و چەسپوو لە عەقل و زیهنیمانەوە، ژینێک پڕ لە قاقای پێکەنین و کۆڕی دۆستان و مەستان و هەموویان بوونەتە پاسەپۆرتی ئەو تەمەنە دوروو درێژە....

پەنجاو سێ ساڵ مەلەکردن لە نێو دەریای فیکر و گەڕان و هەقیقەتدا، گەڕان بە دوای دۆزینەوەی ئامرازەکانی سەرکەوتن و باشترکردنی ژیانی مرۆڤ.

پەنجا و سێ ساڵ لە تەمەنی هەرەتیمەوە هەتا ئەمڕۆ مامەڵەکردن لە گەل شەپۆل و بەڕووی شەپۆل، پڕ لە کاری هەڵە و گێلانە و

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

سەرەڕۆیی، هەر ئەوەندەی لێ هاتووتە بەرهەم کە لەم کتێبە و بیست سێ کتێبی دیکە بۆ ئەوەی رۆژێک بێت پێشکەش ئێوەی بکەین.

ژیانی من وەکو تاکە کەسێک لەم جیهانە فراوانەدا ئەوەندە دەوڵەمەند و عاقڵانە و هوشیارانە نەبووە کە بە کەلکتان بێت و هەر ئەوەندەی تێدایە بتوانن شێتکی لێ هەڵێنجن و لێ هەڵکرێنن و تاکو بتانپارێزی لە کۆسپەکانی بەردەمتان، خۆ ئەگەر شتێک لە هەڵە و کەم و کورتیەکانیشمان فێر بن خراپ نیە.

ئەم کتێبەی لە بەر دەستتدایە ئەگەر خوێندتەوە لە سەر میتۆدێکی رەخنەگرانەی فەلسەفیەوە نووسراوە، ئەوەش هەیە کەس لە زگی دایکی خۆی فێر نەبووە بۆیە لێردەدا بە باشمزانی سەرنج بدەنە ئەو دووسێ قسەیەم، ژیان بە سرووشتی خۆی و کتێب لە ناو فەزا و

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پانتایی عەقڵ و بیرکردنەوە جیهانیەکەدا، هەر جۆگەلەیکی بچووکە تێکەڵ بەو دەریایە فراوانە دەبێت.

هەر چەندە ئەم نووسینە بچووکە فیکر و داهێنانی خۆمە، بەڵام مەرج نیە لە هەندێ شوێن تێکەڵاوی یەکتر نەبووبن، خۆ ئەگەر ئەوەش نەبێ چۆن ئەو جۆگەلە گچکەیە دەبێتە جۆگەیەکی گەورە تر و هەتا دەبێتە لقێک و لە رووبارە گەورەکە دەکاتەوە و دەڕژێتە ناو دەریاکەوە.

لەبەر ئەوە دڵنیام لە زۆر شوێنەوە هاوبەشی و تێکەلاویەک بەدی دەکەی، ئەوەش راستەوخۆ بەستراوەتەوە بەو ژینگەیەی نووسەرەکە تێیدا ژیاوە، نوسەرێکی بیابان و شاخاویی و یەکێکی دیکەی سەر دەریا هەر جیاوازیان دەبێ چونکە هەر ژینگەیەک کەرەستەی تایبەتی خۆی لە ژیان و ژینگەکەدا دەداتە نووسەر، ئەوەش بەگشتی

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

دەولّەمەندی دەبەخشێتە رووناکبیریەکەی جیهان و لە یەکگرتن و دژەکانیشدا فیکری ئەم قۆناغەی جیهان پێکدەهێنێ.

شارستانی نوێی لە سەر دروست دەکرێ، بۆیە ئەکەر وێک چونێک هەبووبێ ئەوە کارێکی سروشتیە، چونکە چۆن ژیان و بوونی مرۆڤەکان وێک دەچن ئاواش بیر و بۆ چوونی فیکری هاوبەشیش هەیە.

خوێنەرێ بەرێز..

ئەم کتێبە بۆ تۆ نوسراوە ئەگەر نوسەریش بۆ هەوەسێکی کەسی نوسیبێتی ئەوە هەر باشترە بیخوێنیەوە، ئەگەر خوێندتەوە بە عەقڵێکی رەخنەگرانەی تووند بیخوێنەوە و باشی بکوشە تا ئاوی لێ دەبڕی، هەتا ئەگەر پێویستی بە نەشتەرگەریەکیش هەبوو هەر ئازادی لای تۆیە و بیکە، لە هەموو حالەتێکدا دیاریەکی بچووکی منە بەبۆنەی تەواو کردنی

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library